# دەستووری عەلمانی و کۆمەڵگای کوردی ئیسلامی

**ئیرۆن عومەر**
eron_umer@yahoo.com

ئەگەر کۆمەڵگاکان و تاکەکانیان هەروەها حکومەتەکان و دەزگاکانیان ناچار بوونایە پابەند بن بەو دەستوورانەی کە پێشینەکانیان(پیاوە یاساناس و رامیاریەکانیان لە لیژنەو پەرلەمانەکانیان) دایانڕشتوون ئەبوایە تاکو ئێستا هەموو کێشەکانی دونیا جا چ بە شەڕ یاخود ئاشتی یەکلایی ببونایەتەوە ، کەوابوو باشترە لە خۆمان بپرسین ئەو دەستوورەی لە نێو زۆربەی ئۆرگانەکانی حکومەت و هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا و لەسەر ئەرزی واقیع هیچ بایەخ و قورساییەکی نیە و هیچ ڕۆڵێکی نیە لە ئاڕاستەکردنی ڕەوتی کۆمەڵگا و دامەزراوە دەوڵەتیەکان دەبێ لەسەر ڕووپەڕی کاغەزدا چ نرخ و قورساییەکی هەبێت . ئایا سەرنج دان لە پێچەوانە بوونەوەی سیاسەتی زۆربەی ولاتان لەگەڵ دەستوورەکانیان بەس نیە بۆ ئەوەی ئێمە هێندە بە گەورەیی لەو کێشانە نەڕوانین کە بەندەکانی دەستووری کوردستان لەخۆیان گرتوون و هێناویانەتە بەر باس و خواس، بۆ دەبێ ئێمە پێمان وابێ ئەوەی لە خاڵ و بەندەکانی دەستووردا هاتووە ئەگەر پەسندیش کران لەداهاتوودا دەبێ پێیانەوە پابەند بین و پێچەوانەیان ڕەفتار نەکەین ، ئایا دەستووری عێراق سەرەڕای ئەوەی کە دەستوورێکی تەوافوقیش بوو و زۆربەی خەڵکی عێراقیش دەنگی پێدا چەندی لێ جێبەجێ کراوە ؟! ئایا مادەی حەوتی دەستووری کوردستان ئەوە دێنێ ئەو هەموو هەراو هوریایەی لەسەر بەرپا بکرێت لەکاتێکدا نەك هەر ئەو خاڵە بەڵکو تەواوی دەستوورەکە شیاوی ئەوە نیە هەر قسەی لەسەر بکرێت بە بەراورد لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنانەی لەسەر زەوی و لە ژیانی مرۆڤ بەدی هاتوون . بێجگە لەوەش بۆ دەبێت ئێمە پێمان وابێت بوونی مادەی حەوت لە دەستووری هەرێمی کوردستان مەترسیدارترە لە ڕۆڵی ئیسلام و ئیسلامیەکان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردیدا ، مەگەر بەبێ بوونی ئەو مادە دەستووریەش ئێمە توانیومانە خۆمان لەو پەیوەندی و خەسلەتە کۆمەڵایەتیانە رزگار بکەین کە ئایین سەپاندوویەتی ، گۆڕین و نەهێشتنی ناوەرۆکی مادەی حەوت لە دەستووری هەرێمی کوردستان چ گرنگیەکی هەیە لەکاتێکدا ڕۆژ بە ڕۆژ هێزە ئیسلامیەکان بەهێزتر دەبن و کاریگەرییان زیاتر دەبێت لەسەر بارودۆخی کوردستان ، دەکرێت ئێمە هەوڵی چەسپاندنی دەستوورێکی عەلمانی بدەین و لەولاشەوە دەرگامان ئاوەلا کردبێت لەبەردەم پەرەسەندنی هێزە ئیسلامیەکان و تۆخبوونەوەی بیری ئایینی لەنێو کۆمەڵ دا؟! ، ئێمە کە وامانکرد ئیسلامگەرایی تا ئەو ئاستە فراوان بێت و ببێتە هێز جا لەبەر هەرهۆیەك بێت (گەندەلی وەك دیارترین هۆ) دەبێ مافی ئەوەشیان بدەینی لەسەر چەسپاندنی مادەی حەوت پێداگری بکەن .

سەرەڕای هەموو ئەمانەش ئێمە لەبیرمان چووە کە لە دستووری عێراق دا هاتووە نابێت هیچ خاڵ و بەندێکی دەستووری هەرێمەکان لەگەڵ دەستووری ناوەند پێچەوانە و دژ بێت، ئەمەش مانای وایە کە تۆ لەدەرەوەی شوناسی عێراقی بوون هیچ شوناسێکی دیکە و جیاوازت نیە، ئێمە ئەگەر توانیشمان ناوەرۆکی بەندی حەوت بەتاڵ بکەینەوە، وەك عێراقیەك و لە ژێر سایەی دەستووری عێراق دا هێشتان هەڵگری شوناسی ئیسلامین، بەڕای من کێشەکە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە بەر لەوەی دەستوورێك بۆ عێراق دابنرێت ئەبووایە دەستووری هەرێمەکان دانرایە و ئینجا دەستووری گشتی عێراق بەگونجاندن لەگەڵ دەستووری هەرێمەکان بچەسپێنرایە، نەك دەستووری عێراق لە پێشەوە دابنرێت و ئینجا دەستووری هەرێمەکان لەگەڵ ئەودا بگونجێنرێت، چونکە بەوە مافی هەرێمەکان پێشێل دەکرێت، من نازانم ئەو بۆچوونەی من لەڕووی یاساییەوە تاچەند ڕاستە بەلام ئەوەندە دەزانم، تاکو ئێمە بەشێك بین لە عێراق کە ئینتیمای ئایینی تێیدا لە ئینتیما بۆ هەرشتێکی تر بەهێزترە ناتوانین لە هەرێمی کوردستان دەستوورێکی تەنانەت نیواونیو عەلمانیشمان هەبێت .